


**ناوی کتێب: چیرۆکی ژیانی فرانز فانون**

**لەبڵاوکراوەکانی: گراشایێکیس- نیویۆرك 2006**

**ژمارەی لاپەڕە: 640 لاپەڕەی گەورە**

و: هەورامان وریا قانع

دانەری ئەم کتێبە نووسەرو وەرگێڕی ئەمریکی ناسراو (داڤید ماسی)، کە پێشتر چەندین کتێبی لەسەر کەسایەتییە رۆشنبیرەکانی فەرەنسا بڵاوکردۆتەوە، لەوانە کتێبە بەناوبانگەکەی لەسەر (میشێل فۆکۆ)و کتێبەکەی لەسەر (جاك کان‌و شیکردنەوەی دەروونی). لێرەوە ئەو یەکێکە لەو نووسەرە ناسراوانەی ئەمریکا کە بەنووسینەوەی (بەسەرهات) بەناوبانگە. دانەر لەم کتێبە تازەیەدا قسەو باس لەژیانی تێکۆشەرێکی نێونەتەوەی بەناوبانگ (فرانز فانون) دەکات.

ئاشکرایە ساڵی 2004 لەجەزائیر بەبۆنەی کردنەوەی نۆهەمین پێشەنگای نێودەوڵەتی کتێب، یادێکی گەورەی (فرانز فانون) کرایەوە، هەروەها کۆنگرەیەکی زانستی گەورەیان بۆ ئەنجام دا کە بەدەیان کەسایەتی عەرەبی‌و بیانی بەشداریان تێدا کرد. ئەوەش وەك رێزلێنانێك بۆ تێکۆشانی لەپێناو رزگاربوونی فەرەنسا لەدەست ئیمپریالیزمی فەرەنسی.

**ئانۆ فرانز فانون کێیە؟**

ساڵی 1925 لەدورگەی (ئەنتیل) کە سەر بەفەرەنسایە لەدایك بووە، دوای ئەوەی خوێندنی پزیشکی تەواو دەکات‌و لەمیانەی جەنگی جیهانی دووەمدا دەستدەکات بەتێکۆشان لەپێناو ئازادی، بەڵام دەسەڵاتدارانی دورگەکە سەر بەلایەنی مارشاڵ (بیتان) بوون کە سیخوڕی ئەڵمانیا بوو، نەك لایەنگری جەنەڕاڵ دیگۆڵ بن. لەبەر ئەم هۆیە (فانون) لەڕێگەی دەریاوەو بەبەلەمێك سەفەری کرد تاکو گەشتە دورگەیەکی سەر بەبەریتانیا. لەوێ چووە ریزی هێزەکانی جەنەراڵ دیگۆڵەوە کە سەرۆکی فەرەنسای ئازاد بوو. لەڕاستیدا زۆربەی دانیشتوانی دورگەی (ئەنتیل) لەگەڵ (فرانز فانون)دا بوون‌و ئەوکات ژمارەیان

لە10هەزار کەس تێپەڕی نەدەکرد، هەموویان لایەنگری (جەنەراڵ دیگۆڵ) بوونو دژی (مارشاڵ بیتان) بوون دانەر بەردەوام دەبیٚو دەڵیٚ: کاتیٚ فرانز فانون چووە ریزی بەرگریکردنەوە دژ بەفاشیزمو داگیرکەری ئەڵمانی بۆ فەرەنسا، تەمەنی نەگەیشتبووە حەڤدە ساڵ. لەو سەردەمەدا فانون ئەم پەرەگرافە گرنگە دەڵیٚ: (من لەسەر ئەم زەوییە تەنها بەرگری لەڕەش پێستەکان ناکەم، بەڵکو بەرگری لەهەموو زوڵم لێکراوێکی چەوساوە دەکەم من ئێستا بەرگری لەفەرەنسا دەکەم چونکە لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکراوە، کاتیٚ فەرەنسا لەژێر ئاگری داگیرگەری ئەڵمانی رزگاری دەبیٚو دەبێتە وڵاتێکی سەربەستو گەلانی دیکە دەچەوسێنێتەوەو سەرکوتیان دەکات، وەك گەلی جەزائیر، ئەوا من لەجەزائیر دژ بەفەرەنسا رادەوەستم).

لەڕاستیدا (فرانز فانون) تێکۆشەرێکی نێونەتەوەی یاخود گەردونی بوو. ئەو عاشقی ئازادی بوو، دادپەروەریو یەکسانی دەپەرست، بەرگری لەچەوساوەکانی دەکرد لەهەر شوێنێکی زەوی بونایەو سەر بەهەر ئاینو رەگەزێکیش بونایە.

کاتیٚ دەچێتە ریزی سوپای فەرەنساوە، تووشی سەدمە دەبیٚ بەرامبەر ئەو رەگەزپەرستییەی لەلایەن سپی پێستە فەرەنسییەکانەوە دەیبینیٚ. ئەو گەرچی لەگەڵیانداو شان بەشانی یەك دژ بەهیتلەرو نازییەکان تێدەکۆشان، کەچی ئەوان نەیاندەتوانی هەستو سۆزی رەگەزپەرستانەی خۆیان دژ بە(فانون) بشارنەوە. دەبیٚ بڵێین هەندیٚ لەفەرەنسییەکان رەگەزپەرست بوون نەك هەموویان، چونکە هەموو فەرەنسییەکان رەگەزپەرست نەبوون.

لێرەوە ئەمە فرانز فانون ناچار کرد وەك مرۆڤێکی ریسواو نەفرەتلێکراو بیربکاتەوە مرۆڤێك سەر بەڕەگەزێکی (رەچەڵەکێکی) ترسەکە بریتییە لەڕەچەڵەکی رەش پێست، ئەمە جگە لەوەی خەڵکی دورگەیەکە موستەعمەرەی فەرەنسایە. ئیدی بۆ یەکەمجار دەستی کرد بەگەڵاڵەکردنی تیۆرەیەك لەسەر بارودۆخی مرۆڤی رەش پێستو سیستمی کۆیلایەتیو پێویستی رزگاربوونی مرۆڤ لەهەر کۆتو بەندێك.

دواجار بیروڕای لەسەر ئەوە جێگیربوو کە سەربەخۆی یان رزگاری لەئاگری ئیمپریالیزم، وەك دیارییەك پێشکەش ناکریٚ، بەڵکو بەزەبری هێزو بەزۆر وزەردەگیریٚ. ئیدی لەو چرکەساتەوە بڕوای بەڕەوایەتی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە هێنا، گەر مەبەست لەو توندوتیژییە شۆڕشگێڕانە بەڕزگارکردنی گەلان بێت.

دانەر لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵیٚ: دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیو رزگاربوونی فەرەنسا لەداگیرکەری ئەڵمانیا، (فرانز فانون، بۆ خوێندنی پزیشکی رۆشت بۆ شاری (لیۆن). لەویٚ گرنگیو بایەخی بەئەفریقیو جەزائیرییە هەژارو دەستکورتەکان دا، ئەوانە زۆربەیان ئەو کرێکارانە بوون کە لەگەڕەکە هەژار نشینەکانی دەوروبەری شاری لیۆنو زۆربەی شارەکانی دیکەی فەرەنسا نیشتەجیٚ بوون.

ئەوانە دەهاتنە لای (فانون) تاکو لەو نەخۆشییە دەرونییە چاك ببنەوە کە لەنهێنیو لەماهییەتی نەدەگەیشتن. وەلیٚ فانون دوای ماوەیەك لەتێڕامانو لێکۆڵینەوەی وردو قوڵ، هەم نهێنییەکەیو هەم ماهیەتی نەخۆشییەکەی دۆزییەوە، ئەوە نەخۆشی ریشەکێشکردن بوو

لەزێدی باوباپیران و دوورکەوتنەوەی زۆرەملێیانەی نیشتمان. ئەم کرێکارە جەزائیرییە یاخود ئەفریقییە کە هاتووە بۆ فەرەنسا تاکو بژێوی ژیانی مسۆگەر بکات، ناچار بووە دێکەی یاخود شارەکەی لەجەزائیر بەجێبێڵێت، ناچار بووە خێزانەکەی و خۆشەویستەکانی لەوێ بەجێبێڵێ و خۆشی لەکارگەو کارخانە گەورەکاندا شەو رۆژ خەریکی ئیشکردن بێت، تاکو هەندێ پارەی دەستکەوێت و بەشێکی لێ بنێرێتەوە بۆ خێزانەکەی کە لەنیشتیماندا ماونەتەوە. بەڵام ئەو کرێکارە بەدەست غوربەتەوە دەناڵێنێ. بەدەست دەرکەوتنەوە لەژن و دایك و منداڵ و ئازیزەکانی. لەبەر ئەوە تووشی ئەم نەخۆشییە دەرونییە دەبێ کە نە نهێنییەکەی و نە سەرچاوەکەشی دەزانێ. (فرانز فانون) چونکە کەسێکی زۆر هەستیارو مرۆڤ دۆستانە بوو، ئەوەی لەتوانایدا بوو بۆ دڵدانەوەی ئەو خەڵکە هەژارو تێکشکاوە کە لەزێدی خۆیان دوورکەوتبوونەوە جێبەجێی کرد.

پاشان قەدەر وای خواست (فانون) سەرفەر بکات بۆ جەزائیر، تاکو لەوێ وەك پزیشکێکی دەروونی دەستبەکاربێ، بەڵام ئاخۆ بۆچی رۆشتن بۆ ئەوێ و نەچوو بۆ شوێنێکی دیکە؟ لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەمەیە، لەو سەردەمەدا فەرەنسا ئامادە نەبوو پلەوپایەیەکی بەرێزی وەك پزیشك بدات بەپیاوێکی رەش پێست. فەرەنسا لەو سەردەمەدا هێشتا فەرەنسایەکی داخراو بوو بەسەر خۆیداو وەك ئێستا نەبوو. جگە لەوە لەدورگەی (ئەنتیل) یاخود (مارتینیك) هیچ نەخۆشخانەیەکی دەروونی لێ نەبوو. لێرەوە ئەو نەیدەتوانی بگەرێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی تاکو پراکتیکی کاری پزیشکی بکات. لەبەرئەم هۆیە بیریکردەوە بچێت بۆ جەزائیر. دەبێ ئەوەش بزانین لەو کاتەدا (فانون) رەگەزنامەی فەرەنسی وەرگرتبوو، جەزائیریش سەر بەفەرەنسا بوو. لێرەوە مافی ئەوەی هەبوو ئیشی تێدا بکات، وەك ئەوەی ئیش لەولاتەکەی خۆیدا دەکات بەم شێوەیە لەشاری (بەلیدە) وەك مامۆستای نەخۆشیە دەروونیەکان دایانمەزراند.

لەوێ رووبەرووی واقعی تاڵ و دژوار بووەوە. نەخۆشە جەزائیرییەکان لەخەستەخانەکەی (بەلیدە) وەك ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. بەشی زۆریان بەزنجیر بەسترابوونەوە، گوایە ئەمانە شێت و مەترسیدارن بۆ سەر خەڵکی. کاتێ ئەو دیمەنانەی بینی، لەلایەنی مرۆڤانەوە نەیتوانی بەرگەی بگرێ، بۆیە وەك کورەکەی دەڵێ: لەو چرکەساتەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ فەرەنسای ئیمپریالیزم بچڕی.

(فرانز فانون) لەوە تێگەیشت ئەم نەخۆشانە لەژێر سایەی سیستمێکی کۆلۆنیاڵی زۆرداردا، ناتوانن لەنەخۆشییەکەیان چاك ببنەوە، بگرە بەپێچەوانەوە نەخۆشییەکەیان نابێت زۆرترو زیاتر دەبێ. لێرەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مەعقول چارەسەری نەخۆشییە جەزائیرییەکان بکەین، پێویستە یەکەمجار سنورێك بۆ ئیمپریالزمی فەرەنسی دابنێین.

لەبەر ئەم هۆیە ساڵی 1956 فانون لەپلەوپایەی پزیشکی لەخەستەخانەی (بەلیدە) دەستی کێشایەوەو چووە ریزی بەرەی رزگاریخوازی بزوتنەوەی بەرگری میللی جەزائیری.

فانون دەڵێ: (کاتێ مرۆڤ بەرگری لەکەرامەتی فیکر دەکات، کاتێ دەڵێ (نەخێر) بۆ کۆیلایەتی و چەوساندنەوە، ئەوا من هاوسۆزم لەگەڵیدا، هەست دەکەم من براو هاورێی ئەو مرۆڤە).

دواتر فانون جەزائیر جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، تاکو درێژە بەتێکۆشانی بدات بۆ بەرژەوەندی گەلی جەزائیر. وەلێ دەسەڵاتدارانی فەرەنسا بڕیاری دەرکردنی لەوڵات دەردەکەن. بۆیە ناچار دەڕوات بۆ تونس، لەوێ بەردەوام دەبێ هەم وەك تێکۆشەرێکی سیاسی و هەم وەك پزیشکێکی دەروونی. لەشاری (منویە)ی تونسی ناوەندێك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دەروونی دروستدەکات، لەهەمان کاتدا پەیوەندی دەکات بەبەشی رۆژنامەگەری تایبەت بەبەرەی رزگاریخوازی نیشتیمانی جەزائیرییەوە.

ئیدی بەشێوەیەکی رێك و بەردەوام لەڕۆژنامەی (المجاهد) کە زمانحاڵی بەرەی رزگاری نیشتیمانی (فرانز فانون) وەك سەفیرێك خۆی کە نوێنەری حکومەتی کاتی کۆماری جەزائیرە دادەمەزرێنێ. ئیدی لەو کاتەوە سەفەرو گەشتەکانی زۆر دەبێ و لەزۆر شوێندا دەستدەکات بەکۆڕو سیمینار گرتن، وەلێ بەداخەوە ئەو پشکنینە پزیشکییەی کە بۆی دەکەن، دەریدەخان توشی شێرپەنجەی خوێن بووە.

لێرەوە ئەو خەونە مەزنەی ئەم تێکۆشەرە مەزنە هەیبوو شکست دێنێ و دەزانێ تەنها چەند رۆژێکی کەمی لەژیاندا ماوە، بۆیە بەخێرایی کەوتە نووسینەوەی ئەو کتێبەی عەیامێك بوو بیری لێدەکردەوە بینوسێ و دواتر دەبێتە هۆی ناوبانگ دەرکردنی، کتێبی: (معذ بو الارض). کاتێ کۆچی دوایی دەکات جان پۆل سارتەرو هەندێ لەڕۆشنبیرانی فەرەنسا بەگەرمی دەیلاوێننەوە، فانون دوای مردنی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بووەتە ئەفسانە.

**سەرچاوە:**

بیان المکتب-2006/7/12




ناوی کتێب: ئەو کتێبەی ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی

نووسینی: فیلیب بلۆم

لەبڵاوکراوەکانی بالگریف ماکمیلان/ لەندەن/2006

ژمارەی لاپەڕە: 372 لاپەڕەی گەورە

و: هەورامان وریا قانع

دانەری ئەم کتێبە بیرمەندی ئینگلیزی (فلیب بلۆم)ە کە پسپۆڕە لەفیکری فەرەنسیو فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ. دانەر لەم کتێبە تازەیەدا بەتێروتەسەلی گەورەترین پرۆژەی رۆشنگەری فەرەنسی لەسەدەی هەژدە دەخاتە بەردەست، پرۆژەی نووسینی قاموسێکی زانستیو هونەرو پیشەسازیو فەلسەفە کە دیدرۆو تیمی یاریدەدەری بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك هێنایانە بەرهەم.

بیرمەندی گەورە (دالامبێر) کە یەکێك بوو لەگەورەترین فەیلەسوفو زاناکانی بیرکاری ئەو سەردەمە، بەشداربوو لەدانانی ئەو پرۆژەیە، جگە لەو دوانە دەیانو سەدان بیرمەند لەبوارە جیاوازەکاندا هاوکارییان کردووە لەنووسینی ئەو قاموسە. بۆ نموونە (ڤۆلتێر)و (جان جاك رۆسۆ)و زۆربەی زاناکانی ئەو زەمانە بەشدارییان کردووە لەنووسینەوەیدا، چونکە قاموس بەتەنها کەسێك نانوسرێت.

دانەر لەسەرەتای کتێبەکەیدا ئاوا دەڵێ: ئەم پرۆژە فەلسەفیە گەورەیە بەتەنها رۆشنگەری لەفەرەنسادا نەهێنایە ئارا، بەڵکو لەتەواوی ئەوروپاو هەموو جیهانیش، شۆڕشی فەرەنسی کە بووە چرایەك بۆ هەموو گەلان، هیچ نییە تەنها رەنگدانەوە سیاسییەکەی ئەم پرۆژەیە نەبێت لەسەر ئەرزی واقع.

ئاخۆ ئەم پرۆژەیە چۆن چۆنی گەلاڵە بوو؟ دانەر ئاوا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. لەسەرەتادا (دیدرۆ)و (دالامبێر) دەیانویست قاموسی ئینگلیزی وەربگێڕن، تاکو خوێنەری فەرەنسی بەدوا گۆڕانکارییە مەعریفییەکانی سەردەمەکەیان ئاشنا بکەن، ئاشکرایە ئینگلتەرە لەڕووی هەستانەوەو پێشکەوتنی زانستیو پیشەسازیو سیاسی زۆر لەپێش فەرەنساوە بوو. ئینگلتەرە لەو سەردەمەدا خاوەنی (قاموسی شامبر) بوو کە لەنێوان ساڵانی 1728-1748 بەزمانی ئینگلیزی نوسرابوو، ئەم قاموسە زانستو زانیارییە جیاواز جیاوازەکانی لەخۆگرتبوو. بەڵام (دیدرۆ) دوای تێڕامانێکی درێژو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ، وای بەباش زانی قاموسێکی نوێ بنووسنەوە نەك قاموسە ئینگلیزییەکە تەرجەمە بکەن. ئامانجی لەمەش نمایشکردنو پێشکەشکردنی هەموو دەستکەوتەکانی فیکری مرۆڤایەتی بوو لەبوارەکانی زانستو پیشەسازیو پیشەوەری بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو.

(دیدرۆ) دەیویست لەڕێگەی هێنانی فیکری تازەو بڵاوبوونەوەی رۆشنگەری فەلسەفی لەمەملەکەتی زوڵمو زۆرداری فەندە مێنیتالیزمی تاریکگەردا، عەقڵیەتی فەرەنسیەکان بگۆڕێ. چونکە لەو سەردەمەدا فەرەنسییەکان نەزانو تێنەگەیشتووبوونو بەڕووی زانستو فەلسەفەدا داخرابوونو ئاسۆیان تەسك بوو.

لەبەر ئەم فەیلەسوفە گەورەیە بیر لەڕۆشنکردنەوەی عەقڵی فەرەنسیەکان کردەوەو دەرهێنانیان لەتاریکی نەزانی بۆ روناکی زانست، بەڵام ئەوە بەدەست بابەت گەر زانستێکی نوێ جگە لەزانستی کڵێسای باو پێشکەش نەکات، واتە زانستێك شوێنی ئەو زانستە بگرێتەوە کە قەشەو کاهینەکان دەیانوتەوە کە لەبنچینەدا زۆربەی زۆریان زانستی ئاینی بوونو هیچ گرنگییەکی بەزانستە تازەکان نەدەدا.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: (دیدرۆ)و (رامبیر) دەستیانکرد بەچوونە ناو ئەم موغامەرە گەورەیە بۆ هێنانەدی ئامانجێکی پیرۆزو مەزن. ئیدی هەر لەسەرەتاوە (دیدرۆ) کارەکانی لەگەڵ هاوڕێکەیدا دابەشدەکات،

(دالامبێــن) سەرپەرشــتی ئــەو کارانــەی دەکــرد تایبەت بوون بەبابەتی زانست و بیرکاری، بەڵام (دیــدرۆ) سەرپەرشــتی و پێداچــوونەوەی ئــەو بابەتانــەی گرتــە ئەســتۆ کــە تایبــەت بــوون بەفەلــسەفەو ئــاین. دواتــر یــەکێك لــەزانا گەورەکانی ئەو سەردەمە کە ناوی (بۆفۆن) بوو، داوایلێکــــرا سەرپەرشـــــتی بابەتــــەکانی زینــــدەوەرزانی بکــات، بابەتــەکانی رووەك و ئــاژەڵ و توێکــاری..هتــد. کەســێکی دیکــە دەستنیــشان کــرا سەرپەرشــتی بابەتــە پزیــشکیەکان بکــات، خــەڵکانی دیکــەش دەستنیــشان کــران سەرپەرشــتی بابەتــەکانی ئابوری بکەن..هتد.

بەم جۆرە دەبینین تیمێکی ئیشکردنی تەواو پێکهێنــرا کــە لەهــەموو بوارەکانــدا شــارەزاییان هەبوو، چونکە ئەم ئیشە بەتەنها کەسێك نەدەکرا، گەرچی ئەو کەسە زانایەکی پایەبەرزیش بێت، ئەوا ناتوانێ سەر لەهەموو زانستەکان دەربکات. (دیــدرۆ) بایەخیــدا بەلێکدانــەوەو راڤــەکردنی ئامێرەکــــان و پێــــشکەوتنی تەکنــــەلۆژی سەردەمەکەی، چونکە زانستی تیۆری بەس نییەو دەبێ هاوشانی ئەو زانستە لایەنە عەمەلییەکەشی جێبەجێکبرێ، لەڕاســتیدا ئــەو زانــستەی نابێتــە هۆی باشترکردنی بارودۆخی مادی مرۆڤ گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

بەڵام ئایا جەماوەری ئەم قاموسە کێ بوون؟

لەلایــەنی تیۆرییــە ئــەم قاموســە ئاراســتەی میللەتی فەرەنسی کرا بوو. وەلێ گەلی فەرەنسی لــەو زەمانــەدا دەیزانــی بنوســێ و بخوێنێتــەوە؟ لەواقعــدا رێژەیــەکی زۆر کــەم خوێنــدەوار بــوون، نەخوێنــدەواری هــەموو جوتیارەکــانی گرتبــووەوە، واتە زۆربەی میللەت نەخوێندەواربوون.

لێــرەوە لەلایــەنی عەمەلییــەوە ئــەم قاموســە ئاراستەی ئەو دەستەبژێرە کرابوو کە دەیانزانی خوێننــەوەو بنووســن و حــەزیان دەکــرد مەیلــە مەعریفیــەکانی خۆیــان تێرتــر بکــەن و پــارەی تەواویان هەبوو کتێب بکڕن. دەبێ هەموو ئەو پێدراوانــە لەبەرچــاو بگــرین کــە ربمانــەوێ لەکەشوهەوای گشتی ئەو سەردەمە تێبگەین. (دیـدرۆ) لەسـەروتاری ژمارەیـەکی قاموسـەکەدا مەبەســتەکانی خــۆی رونکردبــووەوەو دەڵــێ: (ئامانجمــان لــەم قاموســە، کۆکردنــەوەی هــەموو ئــەو زانیاریانەیــە کــە بەشــەریەت لــەبوارە جیاوازەکــانی زانــستدا بەدرێــژایی ســەدەکانی پێشوو بەدەستیان هێناوە. هەروەها ئامانجمان رەخنەگرتنــە لــەدەمارگیری ئــاینی و دەمــارگیری سیاسی، راستتر چەوساندنەوەی سیاسی، ئەمە جگــە لەستایــشکردنی رۆحــی رەخنــەئامێزی عــەقڵ و ئازادی بیرکردنەوە. فەرەنسا پێویستی بەوەیــە بــەئازادی هەناســەبدات، تــاکو لــەڕۆحی داهێنەرانەی رەخنە دەکات).

بــەم جــۆرە دەبینــین ئامــانجی پرۆژەکــە دژایــەتیکردنی کڵێــسای مەســیحی بــوو کــە چــەندین ســەدە بــوو هەیمەنــەی کردبــوو بەســەر عەقڵی خەڵکیدا، ئەم هەیمەنەیەشە دەبێتە هۆی بڵاوبوونــەوەی دەمــارگیریی و عەقڵیــەتی تــاریکبین لــەنێو ناوەنــدەکانی کۆمــەڵگا، بەتایبــەتی لــەنێو ناوەندە میللییەکاندا.

دیــدرۆ دەیویــست هــەموو عەقائیــدەکان بــێ موجامەلەو سازشکردن بپشکنێ و تاوتوێیان بکات، هەموو شتێ دەبێ ملکەچی چەکی رەخنەو دوربینی عەقڵ بێت، تەنانەت خودی ئاینی مەسیحیش . لەبەر ئەم هۆیە بوو (دیدرۆ )ی فەیلەسوف لەگەڵ پیاوانی ئــاینی بەرێککــەوتن و هەوڵیانــدا بەربەســت بخەنــە بەردەم پرۆژەکەی، بگرە زیاد لەجارێك وەستاندیان، بەڵام دیسانەوە پرۆژەکە دەستپێدەکردەوە.

لێرەوە لەسەر ئەم پرۆژە بەناوبانگە چەندین جــەنگی فیکــری لــەنێوان هــەردوو بەرەکــەی

فەرەنسا رویدا، بەرەی فەلسەفەی عیلمانی کە تا دەهات بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا، بەرەی تیۆلۆژیای مەسیحی کە لەڕووی مێژوییەوە هەیمەنەی کردبوو، بەم جۆرە ئوسوڵییە مەسیحییەکان لەگەڵ فەیلەسوفە عەلمانیەکان بەشێوەیەکی توندو دڕندانە بەریەککەوتن.

دانەر بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ساڵی 1751 بەشی یەکەمی قاموسەکە بلاوکرایەوە، واتە لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم. نوسخەیەك لەم بەشی یەکەمە نێردرا بۆ ئەو کەسانەی بەشدارییان تێدا کردبوو، ئەوانەیان سەر بەچینە خانەدانەکان بوون، وەك ئۆرستوقراتیە گەورەکان، زانا رۆشنفکرەکانی کڵێسا و پەرلەمانتارەکان و ئەوانەش کە ئارەزووی خوێندنەوەیان هەبوو ژمارەی ئەو نوسخانەی چاپکرابوو 2000 هەزار دانە بوو.

دیدرۆ لەوتارێکدا بەناونیشانی (دەسەلاتی سیاسی) راستتر (رەوایەتی سیاسی) هێرش دەکاتە سەر گەورەترین کەسایەتی فەرەنسا: (بۆسریە). ئاشکرایە ئەو کەسایەتییە لەسەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوەو زۆر دژی فەلسەفەی (دیکارت)و هەموو زانستێکی تازەبووە. هەروەها بخێوکەری وەلی عەهدیش بووە.

(دیدرۆ) بۆیە هێرشی کردە سەر، چونکە ئەو نوێنەری فیکری کۆنەپەرستی فەرەنسی بوو، ئەو دەیگوت پاشاکانی فەرەنسا مافێکی خوایانەیان هەیە، لێرەوە رەوایەتی پاشاکان لەمیللەتەوە نییە، بەڵکو لەئاسمانەوە بۆیان هاتووتەخوارەوە.

بێگومان هێرشی (دیدرۆ) بۆ سەر ئەم کەسێتییە، رقوکینەی ئوسوڵییەکان و پیاوانی کۆشکی وروژاند. بەلام (دیدرۆ) لەلایەن کۆمەڵێ کەسایەتی رۆشنفکری ئەرستۆکراتییەوە پشتگیری لێدەکرا، لەوانە (زریب) وەزیری رۆشنبیری ئەو زەمانە، مۆنتسکیو و ڤۆڵتێر.

قاموسەکە نەك تەنها لەفەرەنسا، بەڵکو سەرکەوتنێکی ئەوروپیانەی گەورەی بەخۆوەبینی، بۆیە لەسویسراو ئیتالیا و ئینگلتەرەو روسیا بلاوکرایەوە، دەرچوونی بەشی دووەمی قاموسەکە ئابڕوچونێکی گەورەی لەناوەندی ئوسوڵیەکان و پیاوانی کۆشکدا نایەوە.

بۆیە هەر لەگەڵ دەرچوونی کۆکرایەوە ژیانی (دیدرۆ)ش کەوتە مەترسییەوە. ئیدی (دیدرۆ) کەوتە خۆشاردنەوە تاکو زەفەری پێ نەبەن. لەو کاتەدا (ڤۆڵتێر) پێشنیازی بۆ کرد پرۆژەکە بباتە بەرلین لای ستگەرێکی رۆشنفکر کە ناوی (فریدریکی گەورە) بوو، وەلێ دیدرۆ بەهۆی بارودۆخی خێزانی و کۆمەڵێ شتی دیکەوە ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە.

<u>**سەرچاوە:**</u>

**بیان المکتب**-2006/7/3